# یەکەمین کونگرەی زانستی" شوناسی کورد "لە زانکۆی تاران بەڕێوە چوو




لە رۆژانی 28 و 29ی سەرماوەزی 2706ی کوردی هۆڵی رازی زانکۆی تاران میوانداری خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێران ،مامۆستایان، نووسەران و توێژە رانی کورد بوو بۆ
بەڕێوە چوونی یەکەمین کونگرەی زانستی شوناسی کورد. ئەم کونگرە دوو رۆژەیە بە چالاکی و تێکۆشانی بنکەی رووناکبیری-خوێندکاری کازیوەی زانکۆی پزیشکی تاران ئامادە بوو.سەرەتا لەتیف ئۆستوار لە ئەندامانی کازیوە بە خێر هاتنی ئامادە بووانی کرد و پەیامی بنکەی کازیوەی پێشکەش کرد .پاشان نوێنەرانی رێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردوستان ، کۆڕی کوردانی دانیشتووی تاران، حەوتە نامەی دیدگا ، ئەنستیتۆی کورد لە تاران ،بنکەکانی زاگرۆسی تەبرێز ، ئەحمەدی خانی ورمێ ، هاواری کرماشان ،هانای ئیلام ، تیرۆژِ ی سەردەشت ، بەیانی هەمەدان ، خوێندکارانی پەیام نوور و ئازادی مەهاباد ،رووناهی ورمێ ،رەزا پوور جەعفەری زمان ناس و ڕەخنەگری ئێرانی و لە هاوڕێیانی کورد و سەید عەلی ساڵحی شاعێری گەورەی ئێران پەیامەکانی خۆیان بۆ کۆنگرە خوێندەوە . دوکتور کێوان فەرەهمەندی ئاماژەی بە بایەخی بەڕێوە چوونی کونگرەی شوناسی کورد لە پایتەختی ئێران کرد و بە شی کردنەوەی سیاسەتەکانی سڕینەوەی فەرهەنگ و شوناسی کورد ئەم هەنگاوەی زۆر پیرۆز هەڵسەنگاند .

شایانی باسە لەم کونگرە دوو رۆژەدا وتار و باسەکانی خوارەوە پێشکەشی ئامادەبووان و تامەزرۆانی کونگرە کرا .



نووسەرانی وتارەکان بریتی بوون لە :

1-بێهزاد خۆشحالی ( شوناسی کوردی و ئائین)

2-یونس عەباس زادە( ناسیونالیسم و شوناس)

3-جەلال شەفیعی (ناسیونالیسم و مۆدێرنیتە)

4-حەمزەی موحەممەدی( بەرەو گوفتمانی شوناسی تێکەڵاو)

5-سوهەیلا عەبدی (بە جیهانی بوون شوناس و ئینگارە نەتەوەییەکان)

6- ئازاد حاج ئاقایی (شوناس و قابیلیەتەکانی لێکدانەوە بە لە بەر چاوگرتنی بابەتی ئایدۆلۆژیا )

7-فەریبا فەیازی ( زمان وەکوو یەکێک لە لایەکانی شوناس)

8-دوکتور قوتبەی سادقی ( شوناسی کورد و هونەر)

9- سەعید ساعێدی( مۆدێرنیتە و داهێنانی شوناس)

10- دوکتور محەمەد ساڵح ئێبراهیمی

11-کەیۆمەرس خێسلی ( کرماشان و شوناسی کوردی)

12- جەلال حاجی زادە( شی کردنەوەی شوناس و بنچینەی زمانی کوردی)

لە کاتی دووایی هاتنی هەر وتارێک، لێژنەی زانستی بە وردی وتارەکەیان شی ئەکردەوە و بیر و بۆ چوونی خۆیان سەبارەت بە لایەنە جۆر بە جۆرەکانی شوناسی کوردیان ئەخستە روو .

لە کاتی دوایی هاتنی وتارەکان لێژنەی هەڵبژاردنی وتارەکان کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان : د جەلیل کەریمی ، د جەماڵ محەممەدی ، د کەماڵ خالق پەنا ڕاپۆرتێکیان سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وتارەکان ئاراستە کرد.

لە دووایین بەشی کونگرەکەدا خەڵاتی تایبەتی کونگرە پێشکەش کرا بە کاک "بەهمەنی قوبادی" بۆ تێکۆشانی بێ وچانی ناساندنی بەشێک لە شوناسی کورد بە جیهان.

پاشان خەڵاتی هاوکاران و یارمەتیدەرانی کونگرە پێشکەش کرا.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بکەین بە هەندێک لە بەڕێوە بەران ،هاوکاران و لایەنگرانی کازیوە کە زۆر یارمەتیدەر بوون لە بەڕێوە چوونی کونگرە :

لەتیف ئوستوار – مێهدی و مێهرداد گوڵپەسەندی – کەوسەر رەمەزانی-

**شەیدا کوردی – مەنسوور جیهانی –بڕیار مۆراد خانی – فەرهاد ئەحمەدی – پەیمان کاسب – عەمەر موریک – عەلی ئەمین پوور –ئاگرین رەزایی –کەژاڵ مۆقیمی –پەروین عێسمەتی – سروە زەرەک –دڵنیا رەسووڵی – کەژاڵ ئەحمەدی –ئێجلال قەوامی- سەعید ساعێدی -حسەین ئەحمەدی – پەرویز حەبیبی– نادیا و میدیا و لیدیا ساڵحی –سەمیرا راهێب –شوجاع ئێبراهیمی-فەهیمەی ئەنساری – د کێوان فەرەهمەندی**